تەوەری یەکەم:
کۆمەڵگاو ئیسلام

# ئیسلام لەدیدی جیاوازەوە

# نەوزاد جەمال: گەورەترین درۆی مرۆڤ لەمێژوودا ئەوە بووە کە بە زمانو بە ناوی خوداوە قسەی کردووە

سازدانی: **هاوڵاتی**

**نەوزاد جەمال، مامۆستای فەلسەفەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەلاحەدین، لەم چاوپێکەوتنەی هاوڵاتی دا، سەبارەت بە تەوەرەی ئیسلامو کۆمەڵگا، تیروانینی خۆی دەخاتە روو. ئەو پێی وایە بۆ قسەکردن لەسەر ئایین و خودا دەبێ لەو چێوە سنورداره بێتە دەرەوەو کە وەکو دۆستو باوەڕدار، یا وەك دوژمن و نەیار، قسەی لەسەر بکرێت.**

**لە چاوپێکەوتنەکەدا نەوزاد جەمال ئاماژە بەوە دەکات کە کەس وەکیل و نوێنەری خودا نییە، تەنانەت پێغەمبەر و ئایین و دەقەکان و سیاسەتمەدارەکانیش.**

**هەروەها لە بارەی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە کە هەندێك گروپی ئیسلامیی توندرەو پێیانهەڵدەستن، دەڵێت "دەشێ خودایەك ئەوەندە زانا و دانابێ؛ بەڵام بێدەسەڵاتیش بێ و گەنجێك لەرێی خۆتەقاندنەوە بەرگریی لێ بکا؟".**

**نەوزاد جەمال، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئێتیك ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ کۆلیجی ئەدەبیات ـ بەشی فەلسەفە. خاوەنی بروانامەی ماستەرە لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ـ زانکۆی ئەمستەردام ـ هۆڵەندا، ٢٠٠٧.**
**هەروەها بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەی زانکۆی ئەمستەردام ـ هۆڵەندا، ٢٠٠٥، وەرگرتووە.**

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**
**٢٠١٠: (فەلسەفەو قەیران)، لیکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی کێشەکانی مرۆڤی کورد. دەزگای موکریانی ـ هەولێر (لەژێرچاپدایە).**
**٢٠١٠: (ئافۆریسم)، چەند رامانێکی فەلسەفی لە ژیان، دەزگای رۆشنبیری ـ سلێمانی (لەژێرچاپدایە).**
**٢٠٠٩: (بۆچی فەلسەفە بخوێنین)، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای موکریانی.**
**٢٠٠٩: (پرەنسیپی لێبوردەیی لە فەلسەفەدا)، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نوسەرێك، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای موکریانی.**
**٢٠٠٨: (ئیشکالیەتی مێژوو و ناسنامە لای نیتشەو گادامەر)، ماستەرنامە، وەرگێرانی بۆ کوردی، خانەی وەرگێران، وەزارەتی رۆشنبیری ـ سلیمانی.**
**٢٠٠٨: (لە ستایشی فەلسەفەدا)، وەرگێرانی دەقێکی ئەریستۆتالیسە، خانەی وەرگێران، وەزارەتی رۆشنبیری ـ سلیمانی.**

**هاوڵاتی:** لە رووکەشدا دەبینین "ئیسلامی سیاسی" ئەو گورو هەژموونەی نەوەدەکانی سەدەی رابردووی نەماوە، بەڵام ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیا و وردتر بڵێین ئەو گوتارەی ئیسلامی سیاسی وەك تاکە روخساری ئیسلام پیشانی دەداینو داوین؛ ئێستا لە کۆی کۆمەڵگاو زۆرینەی دامودەزگاکانیدا (بەو پارتانەشەوە کە ناوی خۆیان ناوە سێکیولار) شۆڕبوەتەوەو بە جۆرێك ناتوانیت بەئاسانی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان پارتی عەلمانیو پارتی ئیسلامی ببینیت، بەم پێودانگە ئایا ئیسلامی سیاسی وەك ئایدیۆلۆژیا لە پاشەکشەدایە؟ یان بەپێچەوانەوە لەو پەڕی بەهێزیدایە؟

**نەوزاد جەمال:** ئێمە ناتوانین بەو گشتییە قسە لەسەر هەڵکشانو داکشانی تەوژمی ئیسلامگەرا بکەین، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ قۆناغبەندیو پۆلێنکردنی ئەو سەردەمو رووداوانەی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ئیسلامگەرا، تاوەکو وردتر بتوانین دەستنیشانی ئاستی هەژموونی بکەین. بۆیە بەپێی قۆناغەکان دەتوانین کاریگەری ئەو تەوژمە بەم شێوەیە بخوێنینەوە:

ـ قۆناغی پێش نەوەدەکان: گەشەسەندنی نهێنیی رەوتو بزاڤە ئیسلامییەکان هێندە بەهێزو کاریگەر نەبوو.

ـ قۆناغی نەوەدەکان: راپەڕینو پرسە سەختەکانی کۆمەڵگەی کوردی دوای ئازادبوونو لاوازبوونی حکومەتی ناوەندیو کەلێنی بەڕێوەبردن لە دەزگاو دامەزراوەکاندا رێخۆشکەر بوون. هاوکات داتەپینی رەوشی ئابوریو پشێویی سیاسی کە خۆی لە فرەحزبیی ناجۆرو ناسازدا دەرخست کە بووە هۆی خۆسەپاندنی حکومەتی حزبیو جێگرەوەی حکومەتێکی تۆکمەو سەرهەڵدانێکی خێرای ئیسلامگەرا، بەتایبەت لە جەنگی ناوخۆدا. ئیدی پاشماوەی ئەو نەگبەتی ونەهامەتییە هێندەی تر ئەو تەوژمەی بەهێزتر کرد. شایانی باسە خەسڵەتی ئیسلامی سیاسی لەم قۆناغەدا بریتییە لە توندیو زەبروزەنگو نەخوێندنەوەی ئەویترو قبوڵنەکردنی جیاوازی ئایدیۆلۆژی. بۆیە گوتاری ئیسلامگەرا لەسەر سڕینەوەی ئەویترو قوڵکردنەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژی بووە.

ـ قۆناغی پاش نەوەدەکان: جەنگی ئەمریکاو لێدانی سەدام: لێرەدا گوتاری ئیسلامی بەرگریکارانەو بەرەنگاری بوو، بەتایبەت لای گرووپە چەکدارییەکان. بەڵام سیاسەتی هاوبەشیپێکردن لە حکومەتی هەرێمدا بۆ حزبە ئیسلامییە رێپێدراوەکان شێوازیکی تر بوو کە چیتر ئیسلامگەرا نەکەونە دەرەوەی گەمەی دەسەڵاتو هەڵبژاردنو قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن وەك سەنگی مەحەك.

ـ قۆناغی ئێستا: واتە لە ئێستادا ئیسلامگەرا نە بەهێزە وەك نەوەدەکانو نە لاوازیشە. بە واتایەکی تر: ئیسلامگەرا تا رادەیەك قاڵبو قەبارەی خۆی وەرگرتووە لە کۆمەڵگەی کوردیداو لەوە زێترو گەورەتر نابێ. هەڵبژاردنی پارساڵ دەریخست کە ئیسلامگەرا بە هەموو شێوەکانیەوە، چ ئۆپۆزسیۆن بێ یا لەناو حکومەتدا بەشدار بێ، هەر ئەوەندە دەنگ دەهێنێ کە هێنای.

بە رای من هۆکاری جیانەکردنەوەی بیربۆچوونی "سێکیولار"و ئاینی بۆ ئەو زەمینە هاوبەشە کولتووریو کۆمەڵایەتییە کە فەزای گشتیی ئێمە تێیدا دەگوزەرێ دەگەڕێتەوە. ئەمە دەریدەخات کە ئاین هێشتا پاڵنەرو بزوێنەری هەژموونداری سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردییە. بۆیە بەهێزی یا لاوازیی کاریگەریی ئیسلامگەرا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمینەو پاشخانە ئاینییە کە چەندین سەدەیە رۆحو ویژدانو هزری کوردیی هەڵشێلاوە. بۆیە پارتە بەناو نائاینییەکان پشتوپەنایان ئەو پاشخانەیە لە پێناو دەسەڵات چەسپاندنو بەهێزکردنی خۆیاندا.

وەك پێشتر ئەو ریزبەندییە لە قۆناغی دوای نەوەدەکان، واتە بەدیاریکراوتر دوای رمانی سەدام، بوژانەوەو کرانەوەی ئابوری گوتاری ئیسلامیی لاواز کرد، خەڵکی چیدیکە پەنای نەبردە پارتە ئاینییەکان وەك سەرچاوەی ئابوریو

> **لە مێژەوە هاوپەیمانێتیی ئەقڵیەتی نەریتخوازیو هەلپەرستیی سیاسیو هەڵپەی دەسەڵات لە نێو حزبە ئاینیو بەناو نەتەوەییەکاندا هەیە. ئیتر سەرکردەو سیاسەتمەدارەکان لە خێڵو چینی مەلاو شێخ بوون... تەنانەت نزیکبونەوەی تاکتیکی، یا بە ئەوپەڕی باوەڕکردنەوە، لەنێوان بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامو ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەیە لە ئێستادا**

هاوکات پەنا نەبردنە بەر "ئاین" لەبەر هەژاری. ئیدی راستە کۆمەڵگای ئێمە لە قۆناغو "دۆخی پۆستمۆدێرن" دایە بە هۆی زاڵبوونی ئەقڵیەتی بازاڕگەرایی، ئەو سنوورو دیوارە جیاکەرەوانەی نێوان ئایدیۆلۆژیای راستو چەپ، یا ئیسلامگەراو بەناو سێکیولار یا نەتەوەییو چەپگەرا، نەهێڵا. لەلایەکی ترەوە هەرچی حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامییە بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پشت بە ئاین دەبەستن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان.



ئیدی بەکارهێنانی ئاین تەنها میکانیزمێك نییە کە هەر ئیسلامگەرا پێی هەڵبسێ، بەڵکو حزبو حکومەتە بەناو پێشکەوتوەکانیش لە هەمان ئاو دەستیان دەشۆن. سەیری کۆمەڵگای خۆمان بکە، لە رەمەزاندا هەموو لایەنەکان پێشبڕکێیان بوو کە ببنە بەندەیەکی گوێڕایەڵو مرۆڤێکی مسوڵمان لە رێی پەخشو بەرنامەی ئاینییەوە!

**هاوڵاتی:** ئەگەر لە بەهێزیدایە پەیوەندیی بە چییەوە هەیە؟ لاوازیی هێزە سێکیولارکان (یان ـ وەك هەندێك رایان وایە ـ نەبوونیان)؟ یان بەهێزیی ئیسلامیەکان؟ یان دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی؟

**نەوزاد جەمال:** وەك وتم لە هەندێك قۆناغدا تەوژمی ئیسلامی بەهێزە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ناهەمواری سیاسیو ئابوریو شێوانی کۆمەڵایەتی. لاوازیی حزبەکانو و جەنگی ناوخۆ ـ بە نموونە ـ دەرفەتیان رەخساند بۆ بەهێزبوون. دواکەوتوویی یاخود باشتر بڵێین ئامادەیی بەردەوامیی کۆمەڵگای ئێمە بۆ گوتاری ئاینیو مۆڕاڵخوازی فاکتەرێکی ترە. بەڵا مرۆڤی ئێمە تەنها وەك باوەڕدارێکی شوێنکەوتووی کۆمەڵێك بەهاو پێوەری ئاینی، هەڵگری ئاینە نەك وەك پرسیارکەرێك سۆراخی هەقیقەت بکات! ئیدی ئایینداری لە زۆر فۆرمدا لە خوو و نەریت (عادەت) ێك ئەچێ. ئەوەتا هەموو سروتو رێورەسمەکان بوونەتە شتێکی دووبارەو باو، نەك بەرئەنجامی هەڵبژاردنو ئیختیاری شەخسیی مرۆڤەکان. ئەمەش لەوەوە دێ کە پراکتیزەکردنی ئاینو باوەڕداری نەریتێکی گشتی کۆمەڵایەتییە.

**هاوڵاتی:** ئایا دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە تا ئێستاش بە چاو و عەقڵی بەر لە سەدەکانی ناوەڕاست تەماشای ئاین دەکات؟ یان پەیوەندیی بەوەوە هەیە هێشتا قۆناغی ریفۆرمی ئاینی دەستی پێ نەکردووە؟

**نەوزاد جەمال:** راستە، ریفۆرمی ئاین لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، چونکە نزیکترمان دەخاتەوە لە کۆمەڵگەی خۆمانو لە زمانی گشتیی فینۆمینی ئیسلامگەرایی دوورماندەخاتەوە. بە رای من ریفۆرمی ئاینی هەموو ئاینێكو ئیسلامیش دەگرێتەوە. ریفۆرم واتە خوێندنەوەو راڤەی جیاواز بۆ دەقی ئاینو رووداو و سەرچاوەکان. ئەوەی کەمێك شارەزایی هەبێ؛ ئەزانێ سەدان قوتابخانەو رێبازو مەزهەبی جیاواز سەریان هەڵداوە لە مێژووی ئیسلامدا. ئیدی ئیسلامیش شایەنی ریفۆرمو پێداچوونەوەو خوێندنەوەیە. هەوڵی ریفۆرمیش لە ئیسلامدا بۆ مێژوویەکی نزیکی وەك جەمالوددینی ئەفغانیو محەمەد عەبدەو رەشید رەزاو عەلی عەبدولڕازیقو بگرە تا نەسر حامد ئەبو زەیدو ئەرکۆنو بەسام تیبیو تاریق رەمەزانو کێو کێ درێژ دەبێتەوە.

**هاوڵاتی:** ئایا ئەوە جەوهەری ئیسلامە کە ریفۆرم قەبوڵناکات؟ خەڵکانێك رایانوایە جیاوازیی جەوهەریی ئیسلامو مەسیحییەتو (زۆرێك لە ئاینەکانی دیکەش) لە سەرەتاکانیاندایە، سەرەتای ئیسلام سەرەتایەکی دەسەڵاتگەراو سیاسییەو لە مەیدانەکانی جەنگەوە فۆرمەلە دەبێت، بۆیە هەر ریفۆرمێكو ئیشکردنێك تێیدا گەڕانەوەیە بۆ ئەو بەهایانەی کە لە سەرتاکانیدا ئامادە بووە، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرەتای مەسیحیەت سەرەتایەکی ناسیاسیو نادەسەڵاتگەرایەو لە پەرستگاکانەوە دێتو جەخت لەسەر پەرستشو پەیوەندیی تایبەتیی نێوان خوداوەندو بەندەکانی دەکاتەوە، بۆیە ریفۆرم قەبوڵ دەکات؟

**نەوزاد جەمال:** پێم وایە هەموو ئاینێك چەند رۆحیش بێ، هەمیشە لە هەناوی پەیامەکەیدا مەیلی دەسەڵاتو کۆنترۆڵی دەروونی مرۆڤو کۆمەڵگەی هەڵگرتووە. چونکی ئاین کۆنترۆڵی هەستو نەستو رەفتار دەکات، بەمەش بەرەورووی دەبێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر کە زەمەنین یاخود لە دامەزراوەی دەوڵەتو حکومەتدا هەن.

بۆیە ئەوە راست نییە ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سیاسییە یا ناسیاسی، چونکی کاتێ ئاین بووە پرۆژەو بەندوباو و پێڕەو؛ ئیتر کۆنترۆڵی ژیانی کۆمەڵ دەکات. ئیتر لە دیاردەی ئایندارێدا جیاکردنەوەی سیاسەتو ناسیاسی تا رادەیەك ئەستەمە. لە بیرت نەچێ ئاینی کریستیانی لە رێی پێشەواو نوێنەرانیەوە توانیی خۆی بخزێنێتە نێو دامەزراوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژووییەوە کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانییە. راستە کڵێسا نەهات حکومەتێکی کریستیانێتی دابمەزرێنێ، بەڵکو سەرلەبەری حکومەتێکی ئیمپراتۆریی کردە باوەڕدارو هەڵگری پەیامی عیسا! ئێستەش پاپا خاوەنی حکومەتو نوێنەرو سەفارەتو بودجەی خۆیەتی لە رۆما!

**هاوڵاتی:** بە رای ئێوە ئەو ئایدیۆلۆژیا کۆنکرێتییەی کە ئیسلامی سیاسی لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا سەبارەت بە ئیسلام پێشکەشی کۆمەڵگا موسوڵمانئشینەکانی کرد وای لە ئیسلام کردوە قابیلی ریفۆرمکردن نەبێت؟

**نەوزاد جەمال:** بۆ خۆی "ئیسلامی سیاسی" ریفۆرمکردنەوەی ئاینە، بەڵام بە دیو و شێوەیەکی جیاواز. چونکە بانگەوازی ئیسلامی واتە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بێگەردو بێخەوشەکەی پێشینەی سەردەمی زێڕینی ئیسلام. بۆیە دەبێ بزانین ریفۆرم هەم بە واتایەکی "پۆزەتیڤ" دێت واتە خوێندنەوەیەکی سەردەمیو کراوە کە وەك هەندێ بیرمەند بە جۆرێکی تر لە ئاینو کێشەکانی رۆژگاریان روانیوە، هەم ریفۆرم بە مانایەکی "نێگەتیڤ" دێت واتە گەڕانەوەی دەقاودەقو کوێرانە بۆ رابوردوویەك کە سەردەمو گۆڕانە نوێیەکان رەت دەکاتەوەو دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ پێشینەیەك وەك خۆی بەر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا. من پێم وایە ئەوەی کە رێگرە لەبەردەم ریفۆرم نوێنەرو مەلاو هەڵگرانی ئاینە کە داخراو و وشکن. هاوکات ئەو بۆچوونە پێشوەختو نازانستییە کە هەیە سەبارەت بە ئاینو رەتکردنەوەی بێ تێگەیشتن لە ئاینو خوێندنەوەیو قبوڵکردنو باوەڕکردن بە ئاین بە شێوەیەکی کوێرانەو شوێنکەوتنی هەندێك گوتار. دەبێ نەوەی نوێ بە خوێندنەوەیەکی دروستو هاوچەرخ بتوانێ هەم گرنگیی ئاینو ئایینداری تێبگاتو هاوکات زەرورەتی ریفۆرمیش درك پێ بکات.

**هاوڵاتی:** چۆن مامەڵە بکەین لەگەڵ ئایندا بە جۆرێك نە ئاینپەروەرەکان مافیان زەوت بکرێتو نە نوێگەرەکانیش بن بە ژێرەوەو دەنگو خواستیان حسابی بۆ نەکرێتو رۆڵیان نەبێت لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگادا؟

**نەوزاد جەمال:** هەبوونی ئازادیی خۆدەربڕینو رادەبڕینو کولتووری یەکترقبوڵکردنو بەهای لێبوردەیی ئاینیو ئایدیۆلۆژی دەبێ ببنە ئاکاری مەدەنیو بنەمای دەستووری. چیدیکە ناکرێ ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئاینییەکان وەك نەگۆڕو پیدراوێکی چەقبەستوو بکەین. پێویستە "دەست والاکردن" هەبێ لە راڤەو لێکدانەوەی نوێدا بۆ دەقەکانو هاوکات ئاینو بیروباوەڕ وەك یەکێك لەو بەهاو دونیابینیانە بژمێرین کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدان، نەك وەك پرۆژەیەکی سەرتاپاگیرو باڵادەست. ناکرێ ئێمە بێین لە دیدگای یەك بیروباوەڕی ئاینییەوە لە کێشەو گرفتەکان بڕوانینو هەر بەو چاویلکەیەش پێشنیاری چارەسەر بۆ پرسو خواستەکانی هاوڵاتیان بکەین.

**هاوڵاتی:** ئایا هەژموونی ئاینو ئیسلامی سیاسی پەیوەندیی راستەوخۆی بە مایەپووچیی هێزە بەناو عەلمانییەکانی کوردستانەوە نییە؟ پەیوەست نییە بە ناشیرینیی ئەو دەموچاوانەوە کە خۆیان بە دەمڕاستی عەلمانی دەزانن؟

**نەوزاد جەمال:** دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان لایەنو پارتو کەسێتیە سێکیولارە رەسەنو راستگۆکان، ئەوانەی بە دروشم سێکیولارن. ئەوەی کە زاڵە لای ئێمە سێکیولارێتیی بە ناو و دیکۆرە.

**هاوڵاتی:** ئەگەر بەتەنها سەیری یەکێتیو پارتی بکەین، ئایا ئەو بەرپرسانەی خۆیان بە سێکیولار لە قەڵەم دەدەنو مەشخەڵی عەلمانیەت بە دەستی ئەوانەوەیە؛ لە ناشیرینترینی بەرپرسەکانی ناو ئەو دوو پارتە نین؟ بە رای ئێوە ئەو مەسەلەیە چەند زیان بە دیدی عەلمانیبوون دەگەیەنێت؟

**نەوزاد جەمال:** دەشێ ئەمە وابێ. کاکە گیان! تۆ یەك سێکیولارم پێ بڵێ لەو حزبانە؟ برام لە مێژەوە هاوپەیمانێتیی ئەقڵیەتی نەریتخوازیو هەلپەرستیی سیاسیو هەڵپەی دەسەڵات لە نێو حزبە ئاینیو بەناو نەتەوەییەکاندا هەیە. ئیتر سەرکردەو سیاسەتمەدارەکان لە خێڵو چینی مەلاو شێخ بوون. ئەمە بۆ خۆی بەسە باوەڕمان بەو جیاکارییە نەبێ. تەنانەت نزیکبونەوەی تاکتیکی یا بە ئەوپەڕی باوەڕکردنەوە لەنێوان بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامو ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەیە لە ئێستادا. ڕەمەزان هەموو رادیۆو تەلەفزیۆن سەتەلایتەکان بوونە "مزگەوت"و رۆژووەوان، بە لێدانی قورئانو خۆ هەماهەنگردن لەگەڵ باوەڕی زۆرینەی کوردستانییەکاندا!

> **چەمکی خودا داهێنانیکی مرۆییەو گەورەترین درۆشە مرۆڤ لە بەرگی ئایندا بە ناوی خوداوە کردوویەتی. مرۆڤ ویستویەتی لە روانگەی ترسو پێداویستیو خواستەکانی ژیانەوە وێنەی خودایەك بکێشێو دوا جار بیکا بە بیروباوەڕێکی سەرووسروشتی.**

ئیدی چ مانایەك بۆ سێکیولارو ناسێکیولار دەمێنێتەوە! وەرە بۆ نموونە میدیای گۆڕان تەماشاکە گوێت لە هەموو ئەو شتانە دەبێت کە ئیسلامییەکانو یەکێتیو پارتی دەیانکەن، دەشێ گۆڕان تاکتیکیانە مامەڵە لەگەڵ ئاینو باوەڕی خەڵك بکاتو بیەوێ زێتر هەوادارو جەماوەر لە خۆی کۆ بکاتەوەو بەرەکە لەژێر پێی ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامییەکان دەربکاتو ئەو بۆچوونو حوکمە لەسەر خۆی لابەرێ کە سەرکردەو دامەزرێنەرانی بە کۆمەڵەی مارکسی لینینی ناسرابوون لە سەدەی رابوردوودا!

**هاوڵاتی:** پێت وا نییە بەهەڵە لێکدانەوەی عەلمانیەت دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێ بە دروستی مامەڵە لەگەڵ ئاینو هێزە تەقلیدییەکاندا بکرێت؟ بەتایبەت کە ئەوانەی ئەو لێکدانەوە هەڵەیەیان هەیە بۆ عەلمانیەت زۆر جار دژایەتیکردنێکی بێسەروبەرانەی ئیسلام دەکەن بۆ ئەوەی لە رێگای ئەوەوە خودا ناشیرین بکەن؟ ئایا ناشیرینکردنی خودا لە رێگای ناشیرنییەکانی ئیسلامەوە بەخشینی رەهەندێکی غەیبی نییە بە ئیسلام؟ ئەمە هیچ جیاوازییەکی جەوهەریی هەیە لەگەڵ چۆنییەتیی کارکردنی ئیسلامییەکان کە دەیانەوێت لە رێگای جوانپیشاندانی ئیسلامەوە خودا جوان پێشان بدەن؟ ئایا خودا لەوە گەورەتر نییە لە رێگای کۆمەڵێك تێکستی مێژووییەوە ناشیرین یان جوانی بکەین؟

**نەوزاد جەمال:** ئێمە دەبێ زۆر وریاترو زانستیتر قسە لەسەر چەمكو گوتەزای "خودا، یەزدانو دروستکەر" بکەین. دەبێ ئاینو خودا لێك جیا بکەینەوە، چونکی ئەگەرچی باوەڕی ئاینی پێی وابێ ئاین کتێبێکی پیرۆزە لەبەر ئەوەی لای خوداوە رەوانە کراوە، هیچ لەو هەقیقەتە ناگۆڕێ کە "ئاین" بەرهەمێکی مرۆڤە لەو رووەوە چۆن ئەقڵو تێگەیشتن ئێمە دەقو رێنماییەکانی ئاین دەخوێنینەوە لە ژیانداو چۆن پیادەی دەکەینو رەفتارو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پێ رێکدەخەین.

دەکرێ زۆربەمان باوەڕمان بە خودایەكو دروستکەرێك هەبێ، بێ ئەوەی ئایندارو شوێنکەوتی بیروباوەڕێکی باو بین. باوەڕکردن بە خودا وەك هێزێکی رۆحیی میتافیزیکی کە لە ناخی مرۆڤدایە بۆ خۆی شتێکی شەخسیو کەسانی (شەخسانی) یە. بۆیە بێ گومان گوتاری ئاینیی ئیسلامگەرا بە ناوی خوداوەو لەو رێیەوە رەوایەتی بە کردەوەو کارو پرۆژەکانی خۆی دەدات. ئینجا خوا هەم وەك سیمبۆلی رۆحی، دەکرێتە بیانووی رەوایەتیی ئاینیو هەژموونی ترسو پیرۆزی لەسەر کۆمەڵو مرۆڤەکان. بۆیە پرۆژەی سێکیولار یا ئیسلامگەرا دێت جارێکی تر خودا لەسەر ئەو زەرورەتو زەرفە مێژووییانەوە وێنا دەکاتەوەو لە بەرگی کتێبێك یا پرۆژیەکدا دایدەڕێژێتەوە.

کەس وەکیلو نوێنەری خودا نییە، تەنانەت پێغەمبەرو ئاینو دەقەکانو سیاسەتمەدارەکانیش. گەورەترین درۆی مرۆڤ ئەوە بووە لە مێژوودا کە بە زمانو بە ناوی خوداوە قسەی کردوەو فەرمانڕەوایی دەروونی مرۆڤی کردوە. وەك ئەوەی خودا بێزمانو ئەهریمەنو تۆڵەسێن وکینەدار بێتو دادپەروەر نەبێ. گەر ئێمە بە بنەماکانی ئەقڵ، بوونی خودا بسەلمێنین؛ دەبێ پێشمان قبوڵ نەبێ کەسێك بێ بە ناوی ئەو هێزە نەبینراوەوە بدوێ یاخود بەرگری یا دژایەتی بکات. دەشێ خودایەك ئەوەندە زاناو دانا بێ، بەڵام بێدەسەڵاتیش بێو گەنجێك لە رێی خۆتەقاندنەوە بەرگریی لێ بکا؟ ئەشێ هێندە بێبەزەییو دڵڕەقو تۆڵەسێنو خوێنڵۆست بێ؟ یا کارەساتەکانی لافاو و بومەلەرزەو کارە تیرۆریستییەکان ستایش بکات دژ بە مرۆڤ؟

**هاوڵاتی:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە رێگای خوێندنەوەیەکی رەخنەیی وردەوە بۆ ئیسلامو ئاینەکانی دیکە حورمەتو بەها بۆ خودا بگەڕێنینەوە؟ رایەك هەیە لای وایە ئەو خودایەی کە ئیسلام باسی دەکات هەر لە خودا ناچێتو لە باشترین حاڵەتدا مرۆڤێکی ئاساییە: لەگەڵیدا باش بیت؛ باشە لەگەڵتدا، خراپ بیت؛ خراپە لەگەڵتدا.. تۆ دەڵێیت چی؟

**نەوزاد جەمال:** لە راستیدا بۆ قسەکردن لەسەر ئاینو خودا دەبێ لەو چێوە سنوردارە بێتە دەرەوە کە تۆ وەك دۆستو باوەڕدار یا وەك دوژمنو نەیار قسەی لەسەر بکەی. پێم وایە هەر پرۆژەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەنجامەکەی شکستخواردنە ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی زانستی رەخنەیی بۆ دیاردەی "ئاین"و "ئایینداری" لە کوردستاندا. جا ئاین ئەو بەردەبازەیە کە پێی دەرباز دەبین یا ئەو تاوێرە رەقەیە کە بەر دەرگای ئەشکەوتێکی لێ گرتوینو نایەڵێ بێینە دەرەوەو جیهانو هەقیقەتی بوونی خۆمان تێبگەین! چەمکی خودا داهێنانیکی مرۆییەو گەورەترین درۆشە مرۆڤ لە بەرگی ئایندا بە ناوی خوداوە کردوویەتی. مرۆڤ ویستویەتی لە روانگەی ترسو پێداویستیو خواستەکانی ژیانەوە وێنەی خودایەك بکێشێو دواجار بیکات بە بیروباوەڕێکی سەرووسروشتی. دەشێ مرۆڤ لەبەر کورتهێنانی ژیانی دونیاییو بڕانەوەی ژیانو نەهاتنەدیی خواستو ئاواتەکانی پێویستیی بە براو هێزێکی ئەودیو سروشت هەبێ. بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە ئاینەکاندا وێناکراوە دەربارەی خودا، ئەوەیە کە خودا پێویستیی بە پەرستنو گوێڕایەڵیو بەرگریی مرۆڤە لێی نەك بەپێچەوانەوە. بۆیە هەر کە گوێت لە گوتارو تێزە ئاینییەکان دەبێ کە بە ناوی خودای مەزنەوە قسە دەکەنو تەمێی هەموو بۆچوونو رایەکی جیاواز دەکەن؛ دەبینیت هەر ئەم دیدە تەسكو تەنگەبەرەیە کە دەبێتە ئامرازی بەرهەمهێنانی توندوتیژی.

**هاوڵاتی:** ئایا جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت "ئاینی ئاسمانی"و "ئاینی زەمینی"؟ هەندێك پێیان وایە ئاینەکان بەگشتی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە؟

**نەوزاد جەمال:** لە فەرهەنگی ئایینناسیو تیۆلۆژیدا شتێك نییە ناوی "ئاینی ئاسمانی"و "نائاسمانی" یا "زەمینی" بێت. چونکە ئەوە داهێنانی هەندێ بیریاری رادیکاڵە کە دەیانەوێ لە نرخی بیروباوەڕە ئاینیو رۆحیەکانی تر کەم بکەنەوە. هەندێ پێیان وایە ئاینی کتێبدار یا خاوەن کتێبەکانو بێ کتێبەکان وەك زێن-بودیزمو کۆنفۆشیوزمو تاویزمو چەندانی تر بە ئاین یاخود بەرنامەی ژیان ناژمێردرێن. بۆیە دەیانەوێت تەنها سێ ئاینەکە بکەنە ئاسمانیو سیفەتی پیرۆزیو بێخەوشییان بدەنێ. وەلێ لە راستیدا جەوهەری بیروباوەڕی ئاینی یەك شتە، بەڵام گوزارشو فۆرمو پراکتیزەکردنی جیایە لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر. بۆیە ئەگەر باوەڕدارانو هەواداری ئاینەکان ئەم راستییە درك بکەن؛ دەشێ کەمتر توندوتیژ بنو لێبوردەتر بن بەرامبەر یەکتری.

**هاوڵاتی:** یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی جیهانی ئیسلامیو مسوڵمانان زیاتر لەوەی کێشە بێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا کێشەی گورچکبڕیەتی لەناو خۆیدا، لەوانەیە هۆکارەکانی ئەمە زۆر بێت، بەڵام دکتۆرە وەفا سوڵتان رای وایە سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانە پەیوەندبی بە فەرمودەیەکی پێغەمبەری ئیسلامەوە هەیە، ئەو دەڵێت "ئیسلام خۆی رقوکینەی لەنێوان تایفەکانیو شوێنەکەوتەکانیدا دروست کردوە، ئەو وتەیەی موحەممەدت بیر چووەتەوە کە دەڵێت: ئومەتەکەم دابەش دەبێت بەسەر ٧٣ تایفەدا، یەکێکیان لە بەهەشتدایەو ئەوانی دیکە لە دۆزەخدان؟ ئەمەش ئەو رێگەیە کە پیاوانی ئاینیی ئیسلام لە سەردەمی موحەممەدەوە تا ئێستا پەیڕەویی لێ دەکەن"، تۆ لەمبارەیەوە رات چییە؟

**نەوزاد جەمال:** ئاین بۆ خۆی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە وەك چۆن میکانیزمێکی یەکخەرو کۆکەرەوەی مرۆڤگەلێکە لەسەر کۆمەڵێ پەیڕەو و بنەما بۆ رەفتارو هەڵسوکەوتو باوەڕ؛ بە دیوێکی تریشدا ئامرازو میکانیزمێکە بۆ دابەشکردنو لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگا "ئالۆزەکان" کە مەبەستم ئەو کۆمەڵگا فرەنەژادو ئاینو ئاینزایانەیە کە ئاین تێیاندا مەترسیو خەتەرناکە لەسەر هەماهەنگیو پێکەوەژیانی جیاوازییەکان. هەڵبەت کۆمەڵگەی کوردی دوای راپەڕینو بەتایبەت دوای روخانی رژێمو کرانەوەی بە رووی دەرەوەدا ئەو کۆمەڵگە داخراو یەکرەهەندە نییە کە لەژێر سایەی رژێمی پێشودا بووە، بەتایبەت لەو رووەوە کە چەندین ئاینزاو گرووپو رێکخراو و رێبازی ئاینی بەئاشکراو ئازادتر خۆیان نمایش دەکەن لەو فەزا گشتیەدا کە فرەییو جیاوازییەکانی تۆختر کردۆتەوە. بۆیە هەژموونی یەك ئاینو یەك راڤەو تێگەیشتن بۆی لە ئێستادا بۆ خۆی جێی مەترسییە.